# عێراقی 2023؛ ئاماژە مەترسیدارەکانی داتا و ئامارەکان

19-01-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** ۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقدا داهاتی نەختینەیی وڵات بۆ نزیکی 100 ملیار دۆلار بەرز ببێتەوە. هەروەها توانای بەرهەمهێنانی نەوتیشی لە کۆتاییەکانی مانگی 2022 دەوروبەری 3.3 ملیۆن بەرمیل بووە کە بە نرخی نزیك لە 73 دۆلار فرۆشراوە، بەڵام ئەم بازدانە داراییە زۆر جێگەی دڵخۆشی نییە ئەگەر لەوە بەرچاو بگیرێت کە ئەمە بەهۆی ناجێگیری نرخی نەوتەوەیە.

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقدا داهاتی نەختینەیی وڵات بۆ نزیکی 100 ملیار دۆلار بەرز ببێتەوە. هەروەها توانای بەرهەمهێنانی نەوتیشی لە کۆتاییەکانی مانگی 2022 دەورووبەری 3.3 ملیۆن بەرمیل بووە کە بە نرخی نزیك لە 73 دۆلار فرۆشراوە، بەڵام ئەم بازدانە داراییە زۆر جێگەی دڵخۆشی نییە ئەگەر لەوە بەرچاو بگیرێت کە ئەمە بەهۆی ناجێگیری  نرخی نەوتەوەیە. هاوشانی ئەوەش، رێژەی هەژاری بۆ 2023 دەگاتە 25%ی کۆی دانیشتوانی وڵات کە دەکاتە دەوووروبەری 10 ملیۆن کەس، ئەمە جگە لەوەی بەهای دۆلارێکی ئەمەریکی لە بازاڕی رەشدا لە دەوروبەری بەربەستی 160 دینار دایە و لە ئەگەری بەرزبوونەوەشی بۆ 170 دینار، سێ ملیۆن عێراقیی دیکە دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە حکومەت لە بەردەم تووڕەیی و خۆخواردنەوەیەکی جەماوەریدایە کە هەندێك پێیان وایە کۆتاییهاتنی جامی کەنداو وادەیەکی گونجاوە بۆ سەرهەڵدان و تێکەڵبوونی لەگەڵ بەریەککەوتنە سیاسییەکان، بەتایبەت کە ئێستا تەوژمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشی زۆری هاوڵاتیانی عێراق ئاراستە دەکات. هەر لە 2022 دا 28 ملیۆن و 350 هەزار کەس بەکارهێنەری سۆشیال میدیابوون کە دەکاتە 68%ی دانیشتوان، 20 ملیۆن بەشداریی نێت بوون و 40 ملیۆن بەکارهێنەری سیمەکانی مۆبایلیش تۆمارکراون. بەشێکی بەرچاوی ئەمانەش بێکار و هەژارن، بەو پێیەی تاوەکو سەرەتای 2023، زیاتر لە 1.746 ملیۆن خێزان داوای سوودمەندبوونیان لە مووچەی چاودێری کۆمەڵایەتی کردووە.

بە گوێرەی خەمڵاندنەکانی وەزارەتی پلاندانان، ئێستا دانیشتوانی عێراق 42 ملیۆنی تێپەڕاندووە، ئەگەرچی ئەم ژمارە فەرمییە جێگەی متمانە نییە چونکە پشت ئەستوور نییە بە سەرژمێری، بەڵام ئەوە یەکلایە کە ژمارەی لەدایکبووە تۆمارکراوەکانی پار (2022) لە سەروو 1.3 ملیۆن منداڵەوە بووە، ئەم زیادبوونە ملێۆنییەی ساڵانەش، کێشە و بارگرانی زۆری ئابووری و ستراتیژی دروست دەکات کە یەکێکیان پەروەردەیە. وەزارەتی پەروەردە گیرۆدەی لاوازی و دارمانی ژێرخان و خراپی ژینگەی خوێندن و خراپیی راهێنانی مامۆستا وانەبێژەکان و ئەو کەلێنە زانستی و مەعریفییەیە کە لە سەردەمی کۆرۆنا دروست بووە، ئەمە جگە لە لێکەوتە دوور مەوداکانی دیکە.

لێکەوتەکانی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتوان لە عێراق زۆرن، بۆ نمونە خەمڵاندنە فەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێستادا وڵات پێویستی بە 4 ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، لە پاش ئەوەش ساڵانە دروووستکردنی 100 هەزار یەکەی پێویستە. بەهۆی قەیرانی نیشتەجێ بوونیشەوە لە بەغدا کە دانیشتوانەکەی 9 ملیۆنە بە چڕیی دابەشبوونی 20 هەزار کەس لە 1 کم ی چوارگۆشە، نرخی مەترێك خانووش گەیشتوەتە 7 هەزار دۆلار!، بەم هۆیەشەوە خەڵك ناچارن بەرەو ناوچە کشتوکاڵی و پەراوێزەکانی شار بکشێن و ئەمەش، دواجار  گرفتی زۆری لێدەکەوێتەوە، چونکە دەبنە لانکەی خەڵکی بێکار و پەراوێزخراو و ژینگەیەك بۆ خۆخواردنەوە، بەتایبەت کە ئەوە بزانرێت کە 70% ی دانیشتوان لە شارەکان نیشتەجێن و لە نیوە زیاتریان تەمەنیان لە نێوان 15_64 ساڵدایە.

لە دەرەوی بارگرانی ئابووری و لێکەوتەکانی کەرتی نیشتەجێ بوونیش، ئاماری مەترسییەکی تری گەورە یەخەی عێراقی گرتووە کە هەڵکشانی بەردەوامی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەرە کە تەنیا ساڵی پار 15 هەزار کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان دەستگیر کراون بەتایبەت مادەی کریستاڵ. ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆش باس لەوە دەکەن عێراق لە دەوڵەتی پردەوە بۆ مادەی هۆشبەر بووەتە بەکارهێنەر و ئالوودە، ئەمەش یەکێکە مەترسییانەی کە دەزگای ئاسایشی نیشتمانی پێی وایە لە پەنای گەندەڵی و تیرۆر و گۆڕانی کەش و هەوا، لە گرنگترین ئەو مەترسییانەیە کە یەخەی وڵاتەکەیان گرتووە.

حکومەتی عێراق پێی ناوەتە ساڵی نوێ (2023)، کەچی هێشتا بە پێوەری 1/ 12/2021 (بودجەی پێرار) خەرجییەکانی بەڕێ دەکات. ئەمەش رووداوێکی بێ پێشینەیە لە پاش کەوتنی رژێمی بەعس (2003). بۆ بودجەی ساڵی نوێش (2023) خەمڵاندنە دارییەکانی پەرلەمان باس لەوە دەکەن سەرباری ئەوەی گەورەترین بودجە عێراق بە بڕی 140 ترلیۆن دینار بەڕێوەیە، کەچی بەشی بەگەڕخستن تێیدا دەگاتە 80_90 ترلیۆن دینارە، لەم بڕەش 70 ترلیۆنی بە تەنیا بو مووچەیە. لە بەرامبەر ئەمەشدا تەنیا 60 ترلیۆنی بۆ وەبەرهێنانە. زانیارییە دزەپێکراوەکانیش باس لەوە دەکەن کە هەندێك لە بڕە تەرخانکراوەکانی وەبەرهێنانیش راستەقینە نییە و لەبەر رازیکردنی ناوەندە ئابوورییەکانی دەرەوە وەك "وەبەرهێنان" ناونراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی سەرباری رەتکردنەوەی داتاو شیکارەکان ئامادە نییە ژمارە راستەقینەکانی بودجە ئاشکرا بکات.

ئەم بارگرانییانەی ئێستا بەرۆکی عێراقیان گرتووە، لە کاتێکدان کە هێشتا حکومەتی نوێ بە تەواوەتی دڵنیا نییە تەمەنی چەند دەبێت و تارمایی هەڵبژاردنی پێشوەختەی بەسەرەوەیە کە لە کارنامەکەیدا وادەکەی ساڵێکی بۆ داناوە. جگە لەمەش لەبەردەم ئەگەری ناڕەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەریدایە بەهۆی گرانبوونی دۆلار و بە هەڵم بوونی رێژەی 10%ی  تونای شت کڕین و داهاتی خەڵکەوە.بۆیە چ هەڵبژاردنی پێشوەختە و چ خۆپیشاندانیش، هەرکامیان روو بدەن دەرفەتی ئەوە بە حکومەت نادەن تاوەکوو خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بارگرانییە ستراتیژییانە تەرخان بکات کە بەسەر عێراقدا کەڵەکە بوون.

تاوەکو ئێستا پلانی ئاشکرا و راگەیەنراوی حکومەت بۆ چارەسەری بێکاری و رازیکردنی خەڵك، دامەزراندنی رێژەیەك لە خەڵکە لەکاتێکدا ژمارەی دامەزراوان لە نێوان 2003_2021 سێ هێندە بووە. ئەمە جگە لە گرێبەست و ئەوانەی بە کرێی رۆژانە کار دەکەن، ئەم میکانیزمی دامەزراندنەش جگە لەوەی ناتوانێت بەرەنگاری هەڵکشانی ژمارەی دانیشتوان ببێتەوە، بارگرانییەکی زیاتر بۆ بودجە درووست دەکات

لەکاتێکدا هەم نرخی نەوت جێگیر نییە، هەمیش بەگوێرەی خەمڵاندنی بانکی نێودەوڵەتی، عێراق تاوەکو 2040 پێویستی بە 233 ملیار دۆلار وەبەرهێنان بۆ وزەی پاك هەیە. هیچ گرەنتییەك نییە نەوت کە سەرچاوەی سەرەکیی پارەدارکردنی بودجەیە، ئەم نرخەی ئێستای هەبێت و بە گوێرەی هۆشداری شارەزایانیش، هەرکات نرخی نەوت هاتە خوارەوە، بارگرانییەکانی بودجەی بەکاربردن سەری وەبەرهێنان دەخوات. ئەگەر دابەزینی نرخەکەش زۆر بوو، بۆ دابینکردنی مووچە یەدەگە نەختینەییە 100 ملیارییەکە دەکاتە ئامانج.